


# رێنوێنی بۆ قوتابیانی پەیمانگەی پیشەیی و دواناوەندی (دەبیرستان) لە مەڕ بەرگری لە سەخڵەتی و ئازاردانی سێکسی و دەستبردن بۆ بەرگری

## ئازاردان و توندوتیژیی جنسی – ئەوانە چین؟

ئازاردان و توندوتیژیی جنسی – ئەوانە چین؟
ئازاردانی جنسی (seksuaalinen häirintä) واتای هەموو ئەو هەڵسوکەوتە وتارییانە، نا وتارییانە، جەستەییانە یان هەر هەڵسوکەتێکی تری جنسیی نەخوازراون کە بە ئەنجامدانیان پێشێلیی پارێزراو بوونی دەروون یان جەستەی کەسەکە دەکرێت و بەتایبەت دەبنە هۆی دروست بوونی بارودۆخێکی هەڕەشە ئامێز، شەڕانگێز، سووکایەتی کردن، شەرمەزاری یان نیگەرانی. توندوتیژیی جنسی (seksuaalinen väkivalta) پێشێل کردنی مافی پارێزراو بوونی جەستە و سەربەخۆیی کەسەکەیە.

ئازاردان و توندوتیژیی جنسیی مرۆڤەکە تووشی ئازارکێشان دەکات. ئازاردان و توندوتیژی کاریگەری دەکەنە سەر تێگەیشتنی کەسەکە لە جەستەی خۆی و نیزیکی، پەیوەندییە مرۆییەکان و هەستە جنسییەکانی کەسەکە خۆی. توندوتیژی گرفتی تەندروستی، ترس، ئازاردان و هەڕەشە لێکردنی بەدوایەوە.

**توندوتیژیی جنسی تاوانە. بۆیە زۆر گرینگە لەسەر ڕووداوەکە قسە بکرێت و کارمەندانی قوتابخانە، سەرپەرەستان و پۆلیسی لێ ئاگادار بکرێنەوە.**

## ڕێگە لە ئازاردان و توندوتیژیی جنسی (ڕەگەزیی) بگرە!

ئازاردان و توندوتیژیی جنسی لەوانەیە لە هەموو ژینگەیەکدا ڕوو بدات، بۆ نموونە لە تۆڕەکۆمەڵایەتییەکاندا. ئەو ئازاردانە لە تۆڕە ئینتەرنێتییەکان و شوێنە گشتییەکان زیادیان کردووە. بابەتەکە چییە، چۆن دەکرێ ڕێگری لە ئازاردان و توندوتیژیی جنسیی بگیرێت و چۆن دەکرێ ئاساییش زیاد بکرێت؟

FINNISH NATIONAL AGENCY FOR EDUCATION

MINISTRY OF EDUCATION AND CULTURE FINLAND

CHILD strategy

MINISTRY OF JUSTICE FINLAND

## کاتێک تووشی ئازاردان و توندوتیژیی سێکسی بووم چی بکەم؟

- بڵێ نەخێر و داوا بکە ئەوکەسەی ئازارت دەدات دەست لە ئازاردانت هەڵگرێت
- کاتێک بارودۆخەکە ناڕوونە، لەسەر بابەتەکە قسە بکە و باسی ئەوە بکە چ شتێک تۆ ئازار دەدات
- لەبیرت بێ کە هەرچەند لە بارودۆخە نالەبارەکە دا نەتوانی هیچ بڵێیت یان هەڵوێستت هەبێت، بەرپرسیاری ئازاردان و توندوتیژییەکە ئەوکەسەیە کە ئەو هەڵسووکەوتە دەکات
- لە کاتی پێویست دا شوێنەکە بەجێهێڵە و بچۆ بۆ لای کەسێک کە متمانەت پێیە
- کاتێک هەستت کرد لە سەر ئینتەرنێت بە شێوەیەکی نالەبار پەیوەندیت لەگەڵ گیرا، وێنەی شاشەکەت (screen shot) بگرە
- ڕاهاتن بۆ داوای یارمەتی کردن، وێنەی شاشە گرتن و ڕێگری لە ئازاردان بکە
- بە دایک و باوکت بڵێ چی ڕووی داوە
- بە پەرەستار، دەروونناس، مامۆستای ڕێنوێن (kuraattori) یان مامۆستاکەت بڵێ. کاتێک کارمەندانی خوێندنگە ئاگاداری هەڵسووکەوتێک دەبنەوە کە هەڕەشە بۆ سەر گیان و تەندروستی درووست دەکات، بەرپرسیارەتیی ئاگادارکردنەوەی ئیدارەی منداڵپارێزی و پۆلیسییان لەسەرە.

thl.fi/seri
riku.fi
nuortenexit.fi

- لە کاتیی پێویستدا داوای یارمەتیی بکە
- کاتێک ئازاردان یان توندوتیژی جنسیت بینی داوای یارمەتی بکە. ئاساییشی خۆت و کەسانی ترت بیر نەچێت و لەوە دڵنیا بەوە کە قوربانی هەڵسووکەوتەکە یارمەتی و پاڵپشتیی پێ دەگات.
- کاتێک لە خوێندنگە ئازاردان یان توندوتیژیی جنسی ڕووی دا لایەنە پەیوەندیدارەکان ئاگادار کەوە. پرسیار بکە کە لایەنی پەیوەندیداری ئەو بابەتە کێیە
- کاتێک توندوتیژی ڕوویدا هەمیشە پۆلیس ئاگادار کەوە

**لەگەڵ کێ دەتوانم پەیوەندی بگرم، خوێندنگە پریدەکاتەوە** ________________________



## ئازاردان و توندوتیژی بۆ نموونە ئەو هەڵسووکەوتانەی خوارەوەن

- ناردنی پەیام و وێنە کە ئاماژەی جنسیان تێدایە
- کۆمێنت لەسەر وێنە یان کەسەکە
- هەڵسووکەوتی جەستەیی نەخوازراو و دەست لێدان: دەست پێ دا هێنان، گوشین، لێ ڕاکێشان، دەست بۆ بردن یان هەر دەست لێدانێک لە بۆ نموونە کۆئەندامی زاوزێ، سمتەکان، سینگ یان ڕان
- ئەو شەرت و خواستانەی سەبارەت بە پەیوەندیی سێکسی یان جنسیین
- زۆری کردن بۆئەنجامدانی هەڵسووکەوتی سێکسی کە دەبێتە هۆی پێشێل کردنی مافی سەربەخۆیی
- وادارکردنی کەسەسەکە بۆ تەماشا کردنی ماتێریاڵێ سێکس و پەیوەندی سێکسی
- چەوساندنەوەی/ بەکار هێنانی نابەجیی جنسیی کەسانی ژێر ١٨ ساڵ و هاندانی کەسانی ١٦ ساڵ بۆ ئەنجامدانی هەڵسووکەوتی سێکسی
- کڕینی سێکس لە کەسی ژێر ١٨ ساڵ
- دەستدرێژیی سێکسی، هەروەها کاتێک کەسەکان لە ناو پەیوەندیی خۆشەویستی دا بن، لە یەک ماڵ بژین یان هاوسەر بن
- توند و تیژیی ناموسی و خەتەنەکردن

---

## یاسا بەتایبەت کەسانی ژێر تەمەنی ١٦ و ١٨ دەپارێزێت

.لە فینلاند دوو سنووری تەمەن هەیە بۆ پاراستنی کەسەکە: ژێر تەمەنی ١٦ و ژێر تەمەنی ١٨ نابێ بەرامبەر کەسێکی ژێر تەمەنی ١٦ یە هەڵسووکەوتی جنسیی ئەنجام بدرێت و پەیوەندی سێکسی لەگەڵ دروست بکرێ. ئەگەر ئەوهەڵسووکەوتانەی بە ئازاردانی جنسیی دادەنرێن بەرامبەر بە کەسێکی ژێر تەمەنی ١٨ ئەنجام بدرێن، ئەو هەڵسووکەوتانە بە توندوتیژی جنسیی دادەنرێن. کەسێکی ژێر تەمەنی ١٦ ناتوانێ ڕەزایەتی شیاو بدات بۆ ئەنجامدانی هەڵسووکەوتی سێکسی یان پەیوەندیی سێکسی لەگەڵ .گەنجێک یان کەسێکی بە ڕوونی لە خۆی گەورەتر

سنووری ١٨ ساڵ گەنجەکە لە چەوساندنەوەی/کەڵک وەرگرتنی نابەجێی سێکسی لە ناو بنەماڵە، لە لایەن .کەسێکەوە کە متمانەی پێیە یان لە لە لایەن کەسێکی دەسەڵاتدار ئەنجام دەدرێت، دەپارێزێت

هەڵگرتن یان بڵاوکردنەوەی ئەو ماتێریاڵانەی ناوەڕۆکەکەیان کەسانی ژێر ١٨ ساڵ بە شێوەیەکی جنسیی .وێنە دەکات ڕێگەپێنەدراوە

**زانیاریی زیاتر لە** https://poliisi.fi/seksuaalirikokset

## چۆن دەدتوانم خۆم لە ئازاردان و توندوتیژی جنسی بپارێزم؟

- لەبیرت بێت کە پەیوەندییەکی سێکسیی ئاسایی هەمووکاتێک بە ڕەزایەتیی و خواستیی هەردووک لایە
- لەبیرت بێت کە تۆ مافی دیاری کردنی سنوورەکانی خۆتت هەیە و لە هەموو بارودۆخێک دا دەتوانی قەبووڵ نەکەی شتێک ئەنجام بدەیت کە ناتهەوێت
- ئەوەشت لەبیر بێت کە هۆکاری  ئازاردان و توندوتیژی جنسی هیچکات قوربانییەکە نییە و هەمیشە ناتوانین خۆمان لەو بابەتانە بپارێزین
- ڕاهێنان بکە کە کاتێک تووشی پەیوەندیی نالەبار لە سەر ئینتەرنێت، لە شوێنە گشتییەکان یان لە خوێندنگە بوویت چی بکەیت
- بیربکەوە کە کام کاناڵە ئینتەرنێتییەکان بۆ تۆ گونجاون. کاتێک تووشی ناوەڕۆکی ئازاربەخش یان نالەبار بوویت، بەڕێوەبەریی کاناڵەکە ئاگادار کەوە.
- بە وردی بیرلەوە بکەوە کە لە سەر ئینتەرنێت لەسەر خۆت و کەسانی تر چی بڵاودەکەیتەوە
- لەگەڵ ئەوکەسە نیزیکانەی یان ئەوکەسانەی تری متمانەیان پێدەکەی لە شوێن و کاتی گونجاودا هاتووچۆ بکە

## إکاتێک خۆم ئەنجام دەرم، چی بکەم؟

naisenvakivalta.fi
miessakit.fi

- بابەتەکە باس بکە و داوای یارمەتی بکە
- هەروەها داوای یارمەتی لە پەرەستار، دەروونناس و مامۆستای ڕێنوێنیی خوێندنگەکە بکە

---

## چۆن دەتوانم کاریگەری بکەمە سەر ئاساییش؟

- ڕێگری لە ئازاردان و توندوتیژی بەشێکە لە گەشەپێدانی یەکسانی، ژینگەیەکی پارێزراوی فێربوون و کەلتووری هەڵسووکەوتی باشی خوێندنگەکە یە
- بیرلەوە بکەوە کە خۆت لە ناو ئینتەرنێت دا چۆن هەڵسووکەوت دەکەیت و لەگەڵ مرۆڤەکانی تر چۆن دەدوێیت
- بیرلەوە بکەوە کە چۆن دەتوانی بارودۆخێکی پارێزراو بۆ خۆت و کەسانی تر دابین بکەیت
- بە چالاکی بەشداری لە گەشەپێدانی ئاساییش و ئەو کەلتوورەی هەڵسووکەوت بکە کە تێیدا هەموو کەس بەشێوەیەکی شیاو سەرنجی پێدەدرێت

NO

to all violence!

Take action against bullying, harassment,
discrimination and other kinds of violence.

ئەم نامیلکەیە بەشێکە لە بابەتەکانی دەزگای پەروەردە و فێرکردن بە مەبەستی
بەرگری لە خەسڵەتی کردن، ئازاردان، هەڵاواردن و توندوتیژی. کاری ماڵپەرەکە
دامەزراوە لە سەر بنەمای بەرنامەی وەزارەتی پەروەردە و فێرکردن و کولتووری بۆ
بەرگری لە خەسڵەتی کردن، ئازاردان، هەڵاواردن و توندوتیژی
(https://okm.fi/kiusaamisen-ehkaisemisohjelma) و هەروەها بڕیارنامەی جێبەجێکاریی
ستراتێژیی نەتەوەیی مناڵان
(https://julkaisut.valtioneuvosto.fi/handle/10024/163541).

نامیلکەکە هەروەها پێوەندیی هەیە بە بەرنامەی بەرگری لە توندوتیژی دژی ژنان لە لایەن وەزارەتی دادەوە
(https://oikeusministerio.fi/naisiin-kohdistuvan-vakivallan-torjuntaohjelma )

FINNISH NATIONAL AGENCY FOR EDUCATION

MINISTRY OF EDUCATION AND CULTURE FINLAND

CHILD strategy

MINISTRY OF JUSTICE FINLAND